# شاهیدیدان بۆ کەسێکی دیاریکراو بەچوونە بەهەشت یان بەچوونە ناو دۆزەخ

[ كردي – کوردی – kurdish ]


## شێخ موحەمەد صالح المنجد

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1435

IslamHouse.com

# الشهادة لمعيّن بالجنة والنار

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# شاهیدیدان بۆ کەسێکی دیاریکراو بەچوونە بەهەشت یان بەچوونە ناو دۆزەخ

ئەم پرسیارە ئاراستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار** : گوێم لەووتاری هەندێك زانایان بوو، کە بە زانایانی سەلەفی بەناوبانگن، گوایە خەڵکانێکن هەن دەڵێن : من دایکم بێباوەڕ بوو، و دە زانم دەچێتە دۆزەخەوە، وە دەڵێن : ئێمە دڵنیاین لەوەی کەکەسێك بچێتە دۆزەخەوە، ئایا ئەمە کارێکی دروستە ؟ وە ئایا دەکرێت بڵێین کە سێك بەهۆی ئاینەکەیەوە دەچێتە دۆزەخەوە ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گە ورە ومیهرەبان، وە درود و صە ڵات وسەلام لە سەر محمد المصطفی وئال وبە یت ویار ویاوە رانی هەتا هەتایە .

بنەمایەکی ئە هلی سوننە ت وجە ماعەت هە یە کە دەڵێت : شاهیدی دان بۆ کە سێکی دیاریکراو بە چوونە بەهەشت یان بەچوونە دۆزەخ، یەکێکە لە بابەتەکانی پەیوەست بە عەقیدە

و بیروباوەڕەوە، کە دەبێت لە قورئان وسوننەتەوە وەربگیرێت، وە بەهیچ شێوە یەك مە جال بۆ عە قڵ و ئیجتهاد نە ماوەتەوە لەم مەسئەلەیەدا .

جا لەبەر ئەوە هەرکەسێك شەرع ( قورئان وسوننەت )شاهیدی چوونە بەهەشت یان چوونە دۆزەخی بۆ بدات، ئێمە یش ئە و شاهیدیە دەدەین، لە گەڵ ئە وەشدا ئێمە ئومیدەخوازین کە کەسێکی چاکە کار بچێتە بەهەشتەوە، وە دەترسین لە وەی کەسی خراپە کار وگوناهباریش بچێتە دۆزەخەوە، خوای گەورەش زانایە بە عاقیبەت و سەرەنجامی هەموو کەسەکان .

شاهیدی دان بۆ کە سێك بە چوونە بەهەشت یان بە چوونە دۆزەخ، دەکرێت بە دوو بەشەوە :

**یەکەم** : شاهیدیدانی گشتی / کە پەیوەستە بە وەصفێکەوە، وەك ئەوەی بڵێیت : هەرکەسێك شە ریك وهاوە ڵی گە ورە بۆ خوا بڕیار بدات، ئە وە بێباوەڕ بووە و لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام چووەتە دەرەوە و جێگای دۆزە خە، هە روەها دە ڵێین : هەرکەسێك ڕۆژوو بگرێت باوە ڕی بە فەرزبوونی هە بێت بە ئومێدی ئە وەی خوای گە ورە پاداشتی خێری لە سەر دە داتەوە، ئەوا پە روەردگار لە گوناهەکانی پێشووی هە موو خۆش دە بێت، وە هەرکەسێك حەجێکی پاکوخ اوێن و بێ غە ل و غە ش بکات،

پاداشتی هیچ شتێك نییە بەهەشت نە بێت، نموونە ی ئە م دەقانە وهاوشێوەکانی لە قورئان و سوننەتدا زۆرن .

ئەگەر کە سێك بپرسێت : ئایا ئە و کە سەی لە غەیری خودا دەپاڕێتەوە و هاواری تێ دە کات کە بیخاتە بەهەشتەوە، یان بیپارێزێت لە چوون دۆزە خ، وە بۆشیان ڕوون کردبوە وە کە کارێکی لەو شێوەیە دروست و ڕێگا پیدراو نییە ، و لە سەر ئەو کارەشی مرد، ئایا دە وانێن بڵێین ئە م کە سە بێباوەڕ بوو ە و دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە؟

یان بوترێت : هەرکەسێك حەجێکی پاکوخاوێن وبێ غەل وغەش و بێ فسق وفجور بکات، و لە سەر ئە و حاڵە تە بمرێت، ئایا جێگاو ڕیگای کوێیە . یان ئەو کەسەی کە کۆتا ووشەی لە دونیا دەرچوونی ( لا الە إلا اللە ) بێت ئەوا لە بەهەشتدایە، ئەمانە و نموونەی تری لەم شێوەیە، هەموو ئەوەی باسکرا شاهیدیدانە بە وەصفی کەسەکان نەك شاهیدیدان بە کەسێکی دیاریکراو .

**دووەم:** شاهیدیدانی تایبە تی، یان شاهیدی دان بۆ کە سێکی دیاریکراو یان بۆ کە سێکی ناوهێنراو، بە وەی لە بەهەشتدایە، یان لە ئاگری دۆزەخدایە، ئەمەیان دروست نییە، جگە لەهەقی ئەوکەسدا نە بێت کە خوای گە ورە یان پێغە مبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) هەواڵیان لە بارەیەوە داوە، کە لەبەهەشتدایە، یان لە دۆزەخ .

ئەگەر خوای گە ورە یان پێغە مبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) شاهیدی بدە ن بۆ کە سیکی دیاریکراو، کە بێگومان دە چنە بە هەشتەوە، وە ك ئە وەی پیغە مبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) شاهیدی دا بۆ ئە و دە هاوەڵ کە دەچنە بەهەشتەوە، لەسەروو هە موویانەوە چوار خە لیفەکانی ڕاشدین، أبو بکر و عومەر و عوسمان و عەلی ( خوایان لێ ڕازی بێت ) .

وە رهەکەسێکیش بەدیاری کراوی شە رع ( قورئان وسوننە ت ) شاهیدی چونە دۆزەخی بۆ دابێت، ئە وە بێگومان لە ئەهلی دۆزەخە، وە ك ( ئەبو لە هەب ) و ژنە کەی، کە قورئان باسی کردوون، وە ك ( أبو طالب ) و ( عەمری کوڕی لوحە ی ) کە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) خۆی لە فەرموودەدا باسی کردوون کە لە دۆزەخدان .

لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە بە ڕەحم و کە رەم و منە تی ذاتی هەق تەعالای خۆی کە لە ئەهلی بەهەشتمان بگێڕێت.

وصلی اللە علی نبینا محمد وعلی الە وصحبە وسلم .